# مەهدی کامیل لە (لینین) دا بەرزترین ئەکات بە دوا پلە

**عامر سابیر**

asabir79@hotmail.com

1) چەند ڕۆژ لەمەوپێش، لە 2006/9/25 دا مەهدی کامیل (نیا) لە سایتی دەنگەکاندا کورتەیەك لە ژیانی لینین و ناوی بەرهەمەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بلاویکردۆتەوە، کە تیایدا هەڵەیەکی زۆر گەورە و ناحەقیەکی زۆری لە لینین کردووە.

ناوی کتێبەکەی لینین کە لە 1916 دا نوسیویێتی، کردویەتی بە (ئیمپریالیزم دوا پلەی سەرمایەداریە) کە ئەبوایە بینوسیایە {ئیمپریالیزم بالاترین یان (بەرزترین) قۆناغی سەرمایەداریە}،

ئەوەی کە بالاترین یان بەرزترین بگۆڕی بە دواهەمین یان دوا پلە، وا دەکات کە ناوی کتێبەکەی لینین ببێت بە شتێکی زۆر نادروست، زۆر نا واقیعی، زۆر نا زانستی وە زۆر نا مێژووی.

لە سەردەمی ستالینیشدا هەوڵی تەحریفی لەم چەشنە دراو ناوی ئەم کتێبەی لینینیان گۆڕی لە بەرزترینەوە بۆ دواهەمین، بەلام سەیر ئەوەیە کە مەهدی کامیل بە ئینگلیزی دروست نوسیویێتی بەلام کە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی هەڵەی کردووە.

هیوادارم کە هاوڕێ مەهدی کامیل ئەگەر بە نیازە ئەو وەرگێڕانە بە چاپ بگەیەنێ، یان لە هەر شوێنێك کە بلاویدەکاتەوە ئەم هەڵە گەورەیەی تیادا ڕاست بکاتەوە.

2) کەسێك بە ناوی خاڵە بەکر وتارێکی لە زمانی عەرەبی یەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، وە بە چوار بەش لە بۆپێشەوە و کوردستان نێت دا بلاویکردۆتەوە لە مانگی سێپتەمبەردا، لە ژێر ناونیشانی (فیۆدۆر دستۆفسکی 1812-1881 توێژینەوە لە مەڕ ژیان و وێژەکەی)، لە جیاتی ئەوەی بنوسێ وەرگێڕانی خاڵە بەکر نوسیویێتی (بە کوردی کردنی خاڵە بەکر)!

بە کوردی کردن، لە سەر وەزنی بە بەعسی کردن یان بە عەرەب کردن، خاڵە بەکر ڕەنگە بەعسی خۆشنەویستبێت، بەلام بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ وتەکانی ئەو دووبارە ئەکاتەوە، خاڵە بەکر ڕەنگە کوردییەکەی خراپ نەبێت بەلام بە داخەوە کە بە کوردی ئەنوسێت بە عەرەبی بیر ئەکاتەوە.

لە جیاتی وشەی وەرگێڕانی یان تەرجەمە کردنی ئەگەر بنوسی بە کوردی کردنی ئەوا زۆر نا دروستە، زۆر کۆنەپەرستانەیە وە تەنانەت زۆر فاشیستانەیە.

2006/9/28